# گفتوگۆیەک لە نێوان جمانە حەداد و پاولۆکۆیلۆدا

برۆ بۆ تارب و لەمیوانخانەی هنری چوارەم دابەزەو چاوەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنی من بە.

ئەو سەفەرەی کە کردم بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ پاولۆدا بکەم لەر ِ ووی دەروونی و جەستەییەوە زۆر ماندووی کردم.

لەماوەی ئەو شەش کاتژمێرەی کە لە شەمەندەفەردا بەسەرم برد لەپاریسەوە بۆ شارۆچکەی (تارب)کە دەکەوێتە ناوچەی (پیرنیَ)، بیرم لەوە دەکردەوە ئەم چاوپێکەوتنەم تا چ ر ِادەیەک دەگونجێت بۆ ناوەڕِۆکی داستانێکی پۆلیسی یان بۆ فیلمی هیتشکوکی.

ئەگەر کویلۆ ناونیشانی ماڵ و ژمارە تەلەفۆنەکەی یان هیچ ڕێگایەکی تریشی پێ نیشان نەئەدام تا بمگەیەنێتە ئەو ناوچە لادیَ نیشینەی فەرەنسا، بەڵام لە ( Emil)ەکەیدا ناونیشانەکەی بەم شێوە نووسیبوو: (بر ِۆ بۆ تارب و لەمیوانخانەی هنری چوارەم دابەزەو چاوەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنی من بکە).

کاتێک لە شەمەندەفەرەکە دابەزیم و سواری تەکسیەک بووم پرسیم لە شۆفێرەکە: (ئایا پاولۆکۆیلۆ دەناسیت؟).

ئەویش بەتورەیی و گومانەوە تەماشایەکی کردم و ووتی: (لێرەدا جگە لەو کەسی تر ناناسین) چیتر دڵنیا بووم، و لەدڵی خۆمدا ووتم کەواتە دۆزینەوەی زۆر سەخت نیە، بگرە ئەگەر بەڵێنی چاوپێکەوتنەکەشی لەبیر چووبێتەوە.

لەجامی ئۆتۆمبێلەکەوە ڕوانیمە ئەو کێوانەی کە دەوری من و ئەو ناوچەیەی دابوو، لەهزرم دا ئاستەنگەکانم دەبری و بەسەر تاشە بەردەکاندا سەر دەکەوتم و بەناو دۆڵ و دەشتە پان و بەرینەکاندا هەنگاوم دەناو لەدوای خۆمەوە بەجێم دەهێشت بۆ ئەوەی تەکیەی (حاجی کامپۆستلام) بدۆزمەوە، دوای ئەوە بەخۆمدا هاتم و لەدڵی خۆمدا ووتم لەوانەیە من زیادەر ِۆیی بکەم لەتێکەڵ کردنی نێوان کتێب و نووسەرەکەی، لەنێوان وەهم و ڕاستیەکانی ژیان، و دانیش بەوەدا دەنێم کە ئەندێشە تا ر ِادەی پێویست سەرچاوەی داستانەکانەو بەلای خراپترین سیناریۆشدا دەشکێتەوە، بەڵام زۆر زوو تەم و مژی هەندێشەکانم ر ِەواندەوە لەهزرمدا ووتم نەخێر..نەخێر باوەڕ ناکەم بەڵێنی چاوپێکەوتنەکەمانی لەبیر چووبێتەوە، لەوانەیە لەدەفتەری یاداشتەکەیدا نووسیبێتی، یان لەوانەیە سکرتێرەکەی لە دەفتەری یاداشتەکەی خۆیدا نووسیبێتی، لە وانەشە بیەوێت تواناو دانبەخۆداگرتنم تاقی بکاتەوە.

بەهەرحاڵ فەزای ئەو چاوپێکەوتنە لەڕووبەڕوو بوونەوە چارەنوسیەکان دەچوو، و شایەنی ئەو نەخشە بوو کە لەهزرمدا دامرێژابوو (هەموو شتێک ئاسایی دەبێت) لەدڵی خۆمدا ووتم وەک ڤێرۆ نیکا کە یەکێکە لە پاڵەوانی داستانەکانی بڕیاری ئەوەم نەدابوو (بمرم)، بەڵام پێویست بوو وەک ڤێرۆ نیکا بر ِیار بدەم دەست لەم دڵە ڕاوکێیە هەڵگرم، لەناکاو پێش ئەوەی بگەمە شوێنی مەبەست زەنگی مۆبایلەکەم لێدرا، (بەخێر بێیت) کاتژمێر شەشی پاش نیوەڕۆ لە ماڵەکەمدا چاوەڕێت دەکەم، و ئاهەنگی سبەی ئێوارەت لەبیر نەچێت، ئاهەنگ؟ کام ئاهەنگ؟

باوەڕ ناکەم پاولۆ کۆیلۆ کە لەدایک بوونی (1947)ە، و خاوەنی حەوت ڕۆمان و کۆمەڵێک نووسینی تر، لەنووسینەکانی بچێت، سەرەرای ئەوەی کەباوەری پێدەکەین کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕاستگۆیە لەگەڵ خۆی و خوێنەرەکانیدا، بەڵام ئەو تێر ڕوانینەیم لە نەلە (کیمیاگەر)و نەلە (یادگاری موغێکدا)و نەلە (کێوی پێنجەمدا) بینیووە، زەنگی ئەنتەر فۆنم هێنایە دەنگ و هاتە دەرەوە بۆ پێشوازیم: ڕەوتێکی دینامیکی، لەشێکی وەرزشەوان لەبەرگی پانتۆڵێکی کابۆیی و فانیلەیەکی قۆڵ کورتی ڕەشدا، لەگەڵ بزە خەنەیەکدا، تەوقە کردنێکی بەهێز، شێوازی گفتوگۆکردنێکی سادەو لێبوردە لەساتیەکەمی بینینیدا، (بێ گومان کەسێکی کاریگەرە، بێ گومان متمانەیەکی تەواوی بەخۆی هەیە، و زۆر جادووگەریشە لەبەکارهێنانی وشەدا، و لەپێش چاومدا بینیم تێکەڵەیەکە لە هێزو حیکمەت، و هەست و فەلسەفە، لەدڵەر ڕاوکێ و پایەداری، لەگاڵتەو قوڵبوونەوە لەبابەتەکان)، لە منداڵێکی هەمیشە سەر سوڕماوو ئەو ئەزموونە ژیانەی کە ناتوانی بەخەیاڵیش بەرجەستەی بکەی تێیدا ژیا، کاتێک دەرگای ماڵەکەیمان تێپەڕ اند، یەکسەر پەنجەی ڕاکێشا بۆ کۆمپیوتەرەکەی کە لە کتێبخانەکەیدا دانرابوو، ووتی: (وەرە، وەرە ئەمە بخوێنەوە کە (ڕاسڵ کرو) هونەرمەندی ئەمریکایی لەزنجیرەی دوێنێیدا لەبەرنامەی (ئۆپێرا)ی بەناوبانگدا چی ووتووە: (وا دەردەکەوێت (کیمیاگەر) نووسەری ئۆپرایە، بەڵام نەم توانی دەست لەو بیرکردنەوەیە هەڵگرم کە لەوانەیە تاکە نووسەرەکەی من خوێندبێت مەوە پێشکەشکەری ئەو بەرنامە ئەمریکیەیە کە حەز دەکات بانگەشەی ڕۆشنبیری بکات، یان تا ئەو ڕادەیەی کە یانەی کتێب دابمەزرێنێت).

هەروەها لێی پرسیم: (Emil)ەکەی من دەزانی؟

دوای ئەم پرسیارە خۆمان کرد بەژووری میواندا: (وڵاتێکی زۆر جوانت هەیە، لەگەڵ هەندێک لەهاوڕێکانم لەساڵی (1996)، سەردانیمان کرد، بەڕاستی سحری جوانی سەیداو شاخی بەعلە بەگ و شاخی برنج کاری تێ کردم).

نەم زانیبوو کە لەوەوپێش کۆیلۆ سەردانی لوبنانی کردووە، بەتەمابووم بەناوی نوسینگەی (البرج) میوانداریەکی تایبەتی لە لوبناندا بۆ ساز بدەم بۆ ئەوەی سیمینارو ئاهەنگی کتێب ئیمزاکردنێکی مێژوویی بۆ عاشقە لوبنانیەکانی ڕێک بخەم.

(باوەڕ دەکەیت ئەمە سێیەم جارە لەم هەفتەیەدا میوانداریم بکەن بۆ لوبنان، وەرە دوو (Emil)ەکەی تریشی بخوێنەرەوە).

جارێکی تر تەماشای کۆمپیوتەرەکە دەکەین:

تەماشاکە یەکەم میوانداری لەبڵاوکراوەیەکی لوبنانیەوەیە، و دووەمیشیان لەکەسێکەوەیە کە دەیەوێت کتێبەکانم وەرگێڕێتە زمانی (ئەرمەنی).

کاتێک پێم وت کە بەغیلی بەو دوو میوانداریە دەبەم، سەرەڕ ای ئەوەیکە خوێنی ئەرمەنی لەجەستەمدا دەسووڕێت، لەڕێی دایکمەوە ڕەچەڵەکمان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەرمەنیەکان.

وتی: باشە بیری لێ دەکەمەوە، بەهەرحاڵ من لەو باوەڕەدام شتەکان سێ جار خۆیان نیشان دەدەن، لەوانەیە ئەمەیان یەکلایی کەرەوە بێت، نازانم بۆ لوبنان، بەڵام حەز دەکەم بەم زووانە سەردانی ئەرمینیان بکەم.

کۆیلۆ باسی ئەوەی کرد کە کتێبەکانی بۆ شەست (60) زمان وەرگێردراون و لە (155) وولاتی جیاوازدا بلاَو کراوەتەوە، هەروەها ب اسی ئاستی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیشی کرد لەولاتە عەرەبیەکاندا، هەروەها باسی وەرگێرو بڵاوکراوە دزەکانیشی بۆ کردم، بەڵام دانی بەوەدا نا کە دڵگران نیە لەوەیکە ئاگاداریان نەکردووە لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکات، و تەنها نیگەرانی جۆری کاری بڵاوکردنەوەو وەرگێرانی ئەم جۆرە دزانەیە کە لەوانەیە لەئاستی پێویستدا نەبێت، هەر لەمیانەی ئەم گفتوگۆیەماندا باسی (ماری توق) وەرگێری لێهاتوومان کرد، هەروەها باسی ئەو دوو وەرگێرە لوبنانیەمان کرد کە لەبەرازیل دادەنیشن، هەروەها باسی ئاهەنگەکەشمان کرد –لێرەدا نهێنی ئاهەنگەکەشم بۆ ئاشکرا بوو– سبەی لەماڵەکەی خۆیدا بەرپای دەکات کە هەموو ساڵێک لە (19)ی ئازاردا ئەم ئاهەنگە دەگێرێت.

بەبۆنەی (یوسفی پرۆز) هەروەها باسی ئەو پەلکە قژەی کە لەکۆتایی پشت سەریەوە بۆکردم کە یادی سەردەمانێک کە هیپی بوو، هەروەها باسی ئەو نەخۆشخانە دەرونیەشمان کرد کە لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا دایک و باوکی تێیدا خەواندبوویان لەبەر ئەوەی پێی ووتبوون دەیەوێت ببێت بە نووسەر نەک بەئەندازیار، هەروەها گفتوگۆمان لەبارەی دەوڵەمەندی رۆشنبیری عەرەبی و کاریگەریەکانی لەسەر نەستی مرۆڤ و سۆفی و وشیرەکار، هەروەها وتووێژمان دەربارەی داستانی (هەزار شەو)و وادەی دڵفرێنی فەزای شاعیری و داستانەکانی لەسەردەمی منداڵیدا، هەروەها دەربارەی جبران خەلیل جبران و نامەکانی کە دەینارد بۆ (ماری هێسکل)، ئەوەی کە پاولۆ تەنها رازی نەبوو لەولاتەکەیدا بڵاو بکرێتەوە بەڵکو بڵاوکراوەکانی تریشی ناچار کرد وەری گێرنە سەر زمانەکانی ترو لەوڵاتاندا بڵاوی بکەنەوە.

بەڵێ ئەو سەفەرەی دەستم پێ کرد لەسەرەتادا زۆر گران بوو، بەڵام ئەم (جادوگەرە) زانی چۆن بەرهەمی ئەم ماندوویەتیە بەجووڵەیەکی بەپەلەی دەستە ناسکەکانی بیگۆرێت بۆ گوڵێکی سوور، کاتێک دەستمان کرد بە گفتوگۆ کردن لەبەردەم مێزێکی کورت پایەدا چوار مشقی دانیشت و پێی ووتم: (ئایا مۆڵەتم دەدەیت لەکاتی گفتوگۆکردنماندا بەم شێوەیە دانیشم؟) بۆماوەیەک رۆچوومە ئەو سەرسورمانەی خۆم، دوای ئەوە هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو جگە لەوەیکە منیش وەک ئەو لەبەرامبەریدا چوار مشقی دا نیشتم، تەسجیلەکەم تێ کردو ووتم: (جەنابی کۆیلۆ ئامادەیت؟ )

ئەویش لەوەڵامدا ووتی: (من هەمیشە ئامادەم، دڵنیام گفتوگۆیەکی خۆشمان دەبێت).

*وەک دەردەکەوێت تۆ کەسێک نیت خاوەنی روانگەیەکی سادە بێت، و زۆر جار ئەوە باس دەکەن کە تۆ عاشقی ئەوەی پێچەوانەی شەپۆل مەلە بکەی، کەواتە با گفتوگۆکەمان لەسەرەتاوە دەست پێبکەینەوە، تۆ لە (یانزە خولەک)دا باسی سێکس و چێژو جەستەت کردووە، کە خوێنەرەکانتی راوەشاندبوو، چونکە ئەوانت راهێنابوو بچنە جیهانی رۆح و هێما ئامێزەک انەوە، ئایا لەوە ناترسی ئەم کتێبە کاردانەوەیەکی پێچەوانە لەخوێنەرەکانتدا دروست بکات؟

لەبەر ئەوەیکە حەزم دەکرد رۆمانێک بنوسم باس لە سێکس و هەڵوێستەکانمان لەبەرامبەریدا بکات، بەڵام پێش ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ (ماریا)دا بکەم نەم دەزانی چۆن دایرێژم، چونکە سێکس یەکێکە لەو وزە چالاکانەی کە توانای ئەوەی هەیە ئاراستەی مێژوو بگۆرێت، بەبۆچوونی من ئەم چەمکە تەنها هەڵسوکەوتی سێکسی نیە،

لەبەر ئەوە حەز ناکەم بە (کرداری سێکسی) بانگی بکەم، بۆ نموونە سێکس تەنها ئەوەنیە کە ئەنجامی دەدەین، بەڵکو ئەوەی بەهەمان شێوە پێکی دەهێنین، لەوانەیە یەکەم جار ترسی ئەوەم هەبوو ئەم کتێبەم خوێنەرەکانم ڕاوەشێنێت، بەڵام ئێستا متمانەیەکی تەواوم هەیە بەخوێنەرەکانم و لەو باوەڕەدام مرۆڤ دەبێت بەپلەی یەکەم لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت، لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە هەمان ئەو بابەتەیە کە لەهزرمدا لێکم دەدایەوەو لەرۆحمدا هەڵکۆڵرابوو، کەواتە هیچ دوو دڵیش نیم لەبانگەشەکردنی، بەڵام کاردانەوەکانیش بەشێوەیەکی ئیجابی دەرکەوتن نەک بەو شێوەیەی کە لێی دەترسام، (یانزە خولەک) بگرە لە (2003)دا پڕ فرۆشترین کتێب بووە.

بەڵام هەستم دەکرد خوێندنەوەت بۆ سێکس و خۆشەویستی لەسنور بەدەربێت، بەڵام تۆ داستانێکی خورافیمان بۆ دەگێڕیتەوە کە پاشاو شاژن دەبێت ژیانیان بۆ هەتا هەتایی بەخۆشی کۆتایی بێت..

- (تۆ باوەڕت وایە؟).

- (بەڵێ).

- (لەوانەیە تۆ ڕاست بکەی.. بەهەرحاڵ، زۆر بیرم لە کۆتایی داستانەکە کردەوە، چونکە دوو هەڵبژاردنم لەبەردەستدابوو:

هەڵبژاردنی یەکەم: دەبوو داستانەکەم بەخەم کۆتایی پێ بێنم، دووەمیش دەبێت داستانی ماریا بێ هیچ دەست تێوەردانێک باس بکەم، کە لە کۆتاییدا شوو دەکات بەو کەسەی کە خۆشی دەوێت.

*بەبۆچوونی من ئەو چارەنوسەی بۆت هەڵبژاردن مەبەستم ژیانی هاوسەریەتیە، کارەساتبارترە لەوەیکە دابرینت بۆ هەڵبژاردنایە.

بەپێکەنینەوە دەڵێت..نا..نا! بەهەرحاڵ، ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە من مەبەستم لەئەفسانەی ژیانی هاوسەریەتی بەخشینی شادی ژیان بەسەر بردنە، و هەمووشمان دەزانین کەمن ئەو داستانە خۆشەویستیانەی کە بەخۆشی کۆتایی بێت بەتایبەت لەم داستانەشدا، بەڵام ویستم بەئەمانەتەوە داستانی ماریا بگێڕمەوە، ئەو کیژۆڵەی کە بەڕاستی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردووەو باسی ژیانی خۆیی بۆ کردووم، هەرچەند خۆشەویستەکەی لەراستیدا وێنەکێش نەبوو، بەڵام داستانەکەی هەمان ئەو نەخشە بوو کە لەهزرمدا بەدوایدا دەگەرام.

*بەڵام تۆ نوسەریت نەک گێرەرەوەی ژیانی خەڵکی، هەرچۆنێک بێت تۆ دەتوانیت ببیریت و لێکیان ببەستیت و بەو شێوەیەی حەزی لێ دەکەیت وەک هەویر بیشێلیت و بەئارەزووی خۆت نانی جوانی لێ دروست بکەیت.

- (بەڵێ وایە، منیش بەهەرحاڵ هەمان کارم ئەنجام داوە، هەرچەند کەسایەتیەکانم ئاڵۆگۆڕ پێکردووە، و ڕوانگەی خۆم وەک پیاو و وەک ژن تێدا تێهەڵکێش کردووە، و بەم شێوەیەش کاریگەری دەکاتە ڕۆحی هەرکەسێک لەرووی سێکسیشەوە گەشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە پێویستە جەستەی خۆمم خۆش بوێت، ئەمەش یەکێکە لە دەربڕینە خۆشەویستیە جەستەییەکان، لەوەش گرنگتر نابێت سۆزمان لە جەستەمان جیا بکەینەوە، ئایا جوانتر نیە هەردووکیان پێکەوە بن، ئەوەی یەکەم داوای دەکات ئەوەبوو کە دووەم دەیویست.

*پێچەوانەکەی چی روو دەدات؟

– (سێکسی بێ سۆز گەورەترین تاوانە لەجەستەمانی دەکەین، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو ڕێژەیەکی زۆر ئیمێلیان بۆ ناردبووم و خوێنەرەکانم ئەوەیان پێ ڕادەگەیاندم کە (یانزە خولەک) زۆر لایەنی ژیان و رەفتاری سێکسی بۆ روون کردوونەتەوە کە هیچ کات دەرکیان پێ نەکردبوو.

خەڵکی ڕاهاتبوون کردارە سێکسیە باوەکان دووبارە بکەنەوە، و لایەنە گرنگ و تایبەتەکانی هەر تاکێک پشتگوێ بخەن، و ئەوە لەبیر دەکەن کە هەریەک لەئێمە خاوەنی تایبەتمەندی جەستەیی سێکسی خۆیەتی و هیچ کاممان لەهیچمان ناکات، و ئەنجامەکەشی بر ِینی چەند قۆناغێکی جیاوازو بەدەست هێنانی زۆر لایەنی ئەزموونی، بەڵام پشکنین پشتگوێ دەخەین بەواتا: ئەو ر ِاستیە پەسەند بکەین کە هەمووماں توانایەکی جیاوازمان هەیە، بەم جیاوازیەوە لەگەڵ خۆشەویستەکانماندا هاوبەشی بکەین.

*ئایا ئەم گونجانە تەواوەی نێوان جەستەو ر ۆح، ڕوانگەیەکی ئاسانکاری نموونەییە، پەیوەندی نیە بەزمانی ئاڵۆزکردنەوە؟

نموونەیی؟ باوەڕ ناکەم، ئەوەی پێویستە هەوڵ بدەین باشترین شتمان پێشکەش بکەین، و تێبکۆشین تا بگەینە خۆشەویستی ڕاستەقینەبێ ئەوەی وەها بیر بکەینەوە کە ئەم چەمکە وەک بەهەشتێک وایە و هیچ کێشەیەکی تیا بەرجەستە ناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆشەویستی ڕاتدەوەشێنێت، گەشەت پێ دەکات، سیست دەکات، ماندوت دەکات دەت حەوێنێتەوە، هەموو ژیانت سەرەو ژێر دەکات، خۆشەویستی بەر پەرچ دانەوەیەکی رۆژانەیە، ئەتوانێت بنیاتمان بنێت، بەهەمان شێوە دەمانروخێنێت. ئێمەی پیاو بۆ نمونە هەموو ژیانمان تێدەپەڕێنین بۆ ئەوەی نێری خۆمان بسەلمێنین هەروەها ئەوەش بسەلمێنین توانای ئەوەشمان هەیە کە بەزۆر یان بە هەڵخەڵەتاندن دەست درێژی بکەینە سەر ر ەگەزی بەرامبەرمان و لێهاتووشین لەکارە سێکسیەکانماندا، بەڵام خۆشەویستی بەم شێوەیە نیە، بەڵکو سۆزە، بەرجەستە کردنی یەکترە، تێگەشتنە و گونجانە هەروەها سێکسیش بەهەمان شێوە....

بەڵێ سێکسیش بە دڵنیایەوە بەهەمان شێوەیە، بەلا م من زیاتر پێدا دەگرمە سەر مەودای سۆزو هەستی خۆشەویستی، هەرچەند زۆر بەمان دەترسا لەوەی خۆشەویستی بکات، چونکە زۆر ئازارمان چەشتبوو بەدەست ئەوەی کە بێ ترس خۆشەویستیمان کردووە، بەڵام سەرە ر ای ئەم هەموو گرفتانە دەبێت هەر خۆشەویستی بکەین.

*لەو باوەڕەدا نیت شێوازێکیشت لە ئامۆژگاری کەرو ڕینوێنیت لە خۆ گرتووە؟

–ئامۆژگاری کەر؟ من؟ هەرگیز.. هەریگز! وا هەست دەکەم تۆ دەتەوێت بەهەموو شێوازێک سوکایەتیم پێ بکەیت!

من هیچ کات هەوڵم نەداوە ڕێنمایی هیچ کەسێک بکەم، بەڵکو لەو باوەڕەدام هەر یەکێکمان شێوازو ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە و هیچ کات نەم وتو وە پێویستە خەڵک بەدوای ئازارو گرفت و ئەزموونە سەختەکاندا بگەڕێن، ئەو پەیامەی کە من دەمەوێت پێیان ڕاگەیەنم ئەوەیە کاتێک ئەم حاڵەتانە ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە لیَی هەڵنەیەن، گرفتیش لەوەدا نیە لەبەرامبەرکێدا شکست بێنین، بەڵکو پێوستە بزانین پەیمان بەچ خاڵێک بردووە

لەم تێکۆشانە خودیەماندا ماریاش پەی بەم خاڵ برد، بۆ نمونە لەم دواییانەدا پەی بەلایەنە سێکسیەکانی خۆی دەبات بەو شێوەیەی کە هەق پەسەنیان دەکات.
*تۆش پێویستت بەچەنێک کات هەبوو تا ئەم لایەنە لەخۆتدا ئاشکرا بکەیت؟
-گوێ بگرە، من ئێستا ئەمەنم (56)ساڵە، مەبەستم ئەوەیە ماوەیەکی زۆرە لە ژیاندام: هەموو مان بەچەند قۆناغێکدا دەگوزەرێین کە درۆو کودەتا دەرونیەکانمان پێ دەناسێنێت، پێش ئەوەی ماهیەتی ر ەگەزی خۆمان بناسینەوە.

* ئایاتۆ پەنات بۆ سۆزانی بردووە؟
بەڵێ دوو جار یان سێ جار، ئەویش لەتەمەنی شانزە سالیمدا، ئەمەش لە بەرازیلدا بەکارێکی زۆر سروشتی لەقەڵەم دەدرێت، ئەڵبەتە وەک سەرەتایەک یان وەک دەروازەیەک لێیەوە دەچینە ناو جیهانی نێرینە وە، بەڵام لەم ئەزمونەمدا جگە لەترسء دڵە ڕاوکێ هەستم بەهیچی تر نەدەکرد.دوای ئەم قۆناغە لەشەستەکاندا شەپۆلی (هیپی)هات و سێکسی ئازاد و بێ کۆتوبەندی لەگەڵ خۆیدا هێنا، سەرباری ئەو خۆپارێزییەم لەم جۆرە پەیوەندییانەدا، لەو باوەڕەدام هێشتا سەرقاڵی پشکنینی ئەم بەشەی بونمم، ئەڵبەتە وەک چۆن لەبەشەکانی تردا بەردەوام لەگەڕاندام. لەبەر ئەوەش (یانزە خولەک)م نوسی ،چونکە ر ەنگدانەوەی بەشێکی منە هەروەک کتێبەکانی ترم.
*ئایا سوری لەسەر ئەوەیکە خۆت ئاشکرا بکەی یان بەشێوەیەکی جوانتر بڵێین دەتەوێت لەڕآی نوسینەکانتەوە خۆت بدۆزیتەوە؟
بەڵێ سورم لەسەر ئەوەی خۆم بدۆزمەوەو بیناسم. من دەربارەی شتێک دەنوسم کە زۆر گرنگە بەلامەوەو سەر قاڵی هەندێک بابەتم دەکات کە لە هزرمدا لێکی دەدەم ەوە. دوور لەو شتەی کە خەڵک پێش بینی دەکەن لێم. بەبروای من زۆر سەختە ئەگەر مرۆڤ هەوڵی ئەوە بدات بەردەوام خۆی بشارێتەوە، من نامەوێت خۆم بشارمەوە، من نامەوێت دەمامک بکەمە دەموچاوم، بەڵکو دەمەوێت زۆر بەسادەیی خۆم لەگەڵ خەڵکیدا بەش بکەم: بەڵێ من حاجی کاپۆستلام، من جەنگاوەری رآی ر ۆشنایم، من شیشە فرۆش و شوانەکەم، من ئەو وێنە کێشەم کە ماریا عاشقی دەبێت، بەشێوەکەی تریشی من خودی مار یام! هەموو کتێبەکانم هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە پەیوەستن بەژیانەوە، من نوسەرێکی زۆر ڕاستگۆم و خوێنەرەکانیشم شایەت حاڵی ئەم ڕاستیەن، ئەگەر واش نەبوایە ئەوا دەستیان لە خوێندنی نوسینەکانم هەڵدەگرت و هەستیان بەوە دەکرد کە کەسێکی روکەشم.
*تۆخوێنەرێکی زۆرت هەیە، ئایا ئەتوانی نهێنی سەرکەوتنەکانی خۆتمان بۆ باس بکەی؟
-کاتێک ئەو رۆژە بێت هۆکاری سەرکەوتنم بزانم کۆتاییم پێ هاتووە، تۆ زۆر فیلبازانە لەڕآی وەسف کردنمەوە دەتەوێت وام لێ بکەی خۆم باسی خۆم بکەم، بەلاَم من پێت دەڵێم، ئەمە گرآیە، بۆچی دەتەوێت من تێبگەم، لەگەشتنی وشەکانم بەو رێژە زۆرە ر ۆحە؟ زۆرکەس ئەم پرسیارەم لێ دەکەن، بەڵام ئەگەر خوێنەرەکانم تاوانبارم بکەن بەوەی کە وەڵامی ئەم پرسیارەم لایە، پێیان بڵێ با دەست لە خوێندنی کتێبەکان هەڵگرن،

بەڵام بە گشتی دوو هۆکار یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی خەونەکانی بهێنێتەدی: یەکەم دەبێت ئەو کەسەی خەونی هەیە باوەڕێکی تەواوی بەخەونەکەی هەبێت، دووەم دەبێت ئەوە بزانێت کە بە تەنها خۆی ناتوانێت خەونەکانی بەدی بهێنێت ئەوەی پەیوەست بێ بەمنەوە، خ وێنەرە هاوپەیمانەکانم بەهەموو خۆشەویستی دڵسۆزیەکیانەوە یارمەتیان دام بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمی نوسەرێکی نەناسراو لە سەرەتای دەست پێکردنیدا.

*بەڵام تۆ نوسەرێکی کە بویتە مایەی گفتۆ لە نێوان فەرهەنگە جیهانیەکاندا، و ئەوەندە باست دەکەن زیادە ڕۆیی ناکەم گەر بڵێم دواکەوتە کانت، لەهەمان کاتدا هەندێکیش ئەوەندە ڕ ِقیان لێتە بگرە نادیدەت دەگرن و باسیشت ناکەن، بەڵام ئەوەی جآی پرسیارە ئەوە یە کە ئەم ملێونەها کتێبەی فرۆشراون لەوانەیە زیاتر پرۆژەیەکی باز رگانی بێت تا ئەدەبی، بەڵکو هەندێکیشی دەڵێت تۆ ( بەرهەم هێنەرێکی بازرگانیت) یان دەزگایەکی بەرهەم هێنەری باشی، و زیاتر نوسینەکانت لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەگونجێت کە تاقەتی خوێندنیان نیە، و ڕەخنە گرێکیش ئەمەی لەسەر تۆ نوسیوە: تا ئێستا کتێبێکی کۆیلۆم نەخوێندووەتەوەو حەزیشم لێ نیە بیخوێنمەوە، ئایا ڕای تۆ دەربارەی ئەم هەموو تێکەڵ کردنە چیە؟

پاشان جگەرەیەکی دایگرساندو دوای مژێکی قوڵ) وتی ( خەڵکی بەهرەمەنن لە گێر ِانەوەی شتی بێ نرخ، ئەمەش هیچ نیگەرانم ناکات، و زۆر سروشتیش وەری دەگرم، چونکە ئیرەیی ڕ ِەگەزێکی کلاسیکە لە ڕ ِەگەزە سروشتیەکانی مرۆڤ، و ئەم گفتوگۆو دژانەش ئەوە دەسەلمێنن کە زانستەکەم لەناو خەڵکیدا بونی هەیە.

ئەگەر بەم شێوە بەهێزە بونایەتی خۆی نەسەلماندایە ئەوا ئەم کار دانەوانە بەم شێوەیە نەدەبون سەرکەوتنەکانیشم پەیوەست نین بەپڕفرۆشی کتێبەکانمەوە، بەڵام ڕەخنە گرەکان چەند ساڵێکە زۆر بەدڵڕەقی مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن. ڕاگەیاندنەکان هاوپەیمانی من نەبوون، لەبەر ئەوە ئەتوانم بەشانازیەوە بڵێم سەکەوتنی من لەئەنجام دڵەڕاو کێو شەڕەنگێزی خوێنەرەکانمەوە هات دی، تا ئێستاش نوسەرێکی بەڕ ِازیلی یان فەرەنسی نیە نوسینە کانی بەو هەموو زمانانە وەرگێڕدرابێت ئەوەندە زمان و لەوەندە وڵاتدا جێگیر بوبێت، لەهەمان کاتدا بێئاگلم لە بواری بازار ِو مەرج وداواکاریەکانی: بەبیرم دێت لەسەردەمی لاوێتیمدا گوێم لە گورانیەکانی (بیتلس)دەگرت و دەموت بەڕاستی باشترین گۆرانیبێژی جیهانن!

بەڵام دایکم پآی دەوتم: واز لەم گۆڕ ِانبێژانە بێنە، لە ڕآی بازاڕەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوەو ئەمەش زۆر بەردەوام نابێت، بەڵام بەردەوام بوون، و تا ئێستاش نەوە دوای نەوەدێت و خۆشیان دەوێن.

*ئایا لەو باوەڕە دایت هەموو جیهان تۆی خۆش بوێت؟

نەخێر مەبەستم ئەوە نەبوو، بەلاَم هەندێک خەڵک پێویستیان بەڕون کردنەوەیە، دەیانەوێت سەکەوتنیان بۆشی بکەینەوە، بەدوای وەڵامی لۆجیکی و ماتماتیکی دا دەگەڕ ِێن بۆ ئەوەی لی َی تێ بگەن و باوەڕ ِی پێ بهێنن، بەڵام من خاوەنی ئەم جۆرە وەڵامانەنیم، کە بۆچی ئەم ڕ ِێژە زۆرە لە کتێبەکانم لە بازار ِدا فرۆشراون؟ با ئەو جۆرە خەڵکە ئەگەر بیانەوێت بزانن پیان بڵێ بابرۆن لە کڕ ِیارەکان بپرسن، بڕیاری ڕ ِاستەقینە لەدەستی ڕەخنە گردا نیە، بەڵکو ئەو خوێنەرەیە کە پارە دەدات بۆ ئەوەی نوسینەکانم بەدەست بهێنێت، و ئەو بر ِیارەی کە پەیوەستە بەمنەوە د اویانە، لە ڕ ِاستیدا داهێنانی ئەدەبی نهێنیەکی نادیارەو ڕ ِون ناکرێتەوە، و ڕ ِەخنە گرە دڵڕەقەکانیش پەی بەم خاڵە گرنگە نابەن.

لەبەر ئەوەی باسی داهێنانی ئەدەبیت کرد، لەوەو پێش لە کتێبی (دان پیادانانەکانی حاجی)دا باسی ئەوەت کردووە کە نوسەر وە لە ژنی سک پر ِ وایە کە مندالّی دەبێت، کەواتە تۆ ناتوانیت دێرێک بنوسی گەر خۆشەویستی لەگەلّ ژیاندا نەکەیت، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە بزانم چۆن ئەم کارەت ئەنجام داوە...

مەبەستت ئەوەیە چۆن خۆشەویستی لەگەلّ ژیاندا بکەم؟

دەژیم، زۆر بەئاسانی، بەهەموو پێکهاتەکانمەوە دەژیم مەبەستم شەر ِەنگێزی و شێتی، و خۆشی، و بەخشندەییمە، هەرکاتێکیش بەهێزەوە لە ژیاندا بژین، ئەوا هەلی زیاتر بەدەست دەهێنین بۆ دۆزینەوەی زمانە تایبەتەکەمان، هەولّ دەدەم رێز لە هەموو سات و سحرێک کە شایەنی ئەم نهێنیە یە بگرم. ئەلّبەتە کە زۆر لایەنی فیکری هزرمی داگیر کردووە،بەلّام لە هزرمدا بیرۆکەیەکی دیاری کراو بێدار دەبێت و گەشە دەکات و بانگم دەکات، هەست دەکەم پێویستم بەوەیە لەگەلّ خەلّکیدا ئەم هاوارە بەش بکەم.

لەبەر ئەم هۆیە دەنوسیت؟ ئایا هاوبەشی کردن بە بۆچونی تۆ لە پێش هەموو شتێکەوە؟

بەلّێ، هاو بەشی کردن لایەنێکی گرنگی سروشتی مرۆڤایەتیە.

من پێویستم بە هاوبەشی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و زانستە لەگەلّ خەلّکیدا. دەنوسم بۆ ئەوەی زۆر شت باس بکەم بۆ خۆم و خوێنەری خۆشمم، ئەم ر ِاست گۆییەش لەوانەیە پالّنەرێک بوبێت بۆ ئەوەی خوێنەرم لە هەموو جۆرە تەمەنێکدا هەبێت. دەتوانی ئەوەش بلّێیت دەنوسم بۆ ئەوەی ئەو مندالّەی ناخمان بدوێنین.

*زۆر جار باسی ئەو مندالّە دەکەیت. لەوە و پێش وتت تەمەنت پەنجاو شەش سالّە، ئایا ئەو مندالّەی ناخت پیر نەبووە؟

نەخێر، گوێش نادەمە پیر بون، بەلّکو پێت دەلّێم پیر بوون کاتێک دەست پێ دەکات کە بەرهەمەکان بەرەو سیس بون و بۆگەنی برۆن، ئەوکەسانەی کە تواناى تێگەیشتنی ژیانیان هەیە مندالّانن یان ئەوانەی وەک مندالّ تەماشای دەکەن، ئەو مندالّەی لە ناخماندا یە وامان لێ دەکات هەست بەهەموو شتێک بکەین، و وابزانین هەموو شتێک لەبەر چاومان لەناو نەچووە، و لەبەر ئەوەی دەست لە ر ِووبەڕووبونەوەی ژیان هە لّناگرین دەبینین داهێنان لە دوانی داهێنان دێت، ئەو مندالّە زیندو نەمرە، تەمەنی نیە، و لەبەر ئەم هۆیەش پارێزگاری لەو مندالّەی ناخم دەکەم پیر نەبێت: ئەوەی لەم مندالّەی ناخمدا سەیرو مایەی سەرسور ِمانە، وام لێدەکات زیندوو بمێنم، ئەوانەی تەمەنیان کردووە بەخورماو سوکی سەنگی کیلۆ پێوانەی دەکەن، و زیاتر لەر ِابردوودا دەژین تا هەنوکە. لەبەر ئەوەش سەر لەشتە نوێکان دەرناکەن وناشی بینن تا ئەو کاتەی بەلایدا تێدە پەر ِن، لی َی تێ ناگەن، چونکە ناتوانن دەست نیشانی بکەن، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت لە پیربونم شەرم دەکەم، و چرچی دەمووچاویشم ناشارمەوەو قژیشم بۆیاخ ناکەم،

*ئایا ئەو مندالّەی باسی دەکەیت نەبووەتە هۆی ئەوەی زمانێکی سادە لە نوسینەکانتدا بەکار بهێنی؟

(بەگرو تینێکەوە دەلّێت) گوێ بگرە، ئەتوانم هەموو هەفتەیەک کتێبێکی ئالّۆز بنوسم، بەلّام پێم باشترە دووسالّ جارێک کتێبێکی سادە چاپ بکەم، کتێبێک دوور بێت لە هەلّچنینی وشەو تەکنیکی ئەدەبی و زوو بچێتە دلّی خەلّکیەوە، بەلا َم ئالّۆز کەس لی َی تێ ناگات، جگە لە کەسە گێژەکان کە واە ەست دەکەن ئەمە

کارێکی زۆر مەزنە چونکە ناتوانن لیَی تێبگەن، لەدوای هەر ئاڵۆزیەک بۆ شاییەکی زۆر ترسناک هەیە، لەوا دەر دەکەوێت شێوازی من شێوازێکی ڕوکەشی بێت، چونکە تا ئەو ئەندازەیەی بتوانم بەزمانێکی سادەو ڕوون دەینوسمەوە، بەلام لەبەر ئەوە بەم شێوەیە دەنوسم بۆ ئەوەی هەندێ خوێنەریش لەگەڵ مندا بکەوێتە کار، سوکایەتی پێ دەکەم ئامۆژگاری دەکەم لەبەستەڵەک بونی ڕایدەوەشێنم، مەبەستم لەو حاڵەی تێدا دەژیت، بەلاَم لەهەمان کاتدا ناوەڕۆکی بابەتەکە بیرۆکەو هێما لەخۆ دەگرێت نا هێڵم هیچ کاریگەریەکی لەسەر بکرێت.
هەموو کەسێک دەیەوێت بنوسێت (عولیس)، بەڵام ئەگەر سبەی هەستام بۆ ئەوەی سەرژمێری ئەو کەسانە بکەم کە (عولیس)یان خوێندووەتە دەبینین زۆر کەمن، بەڵام لەهەمان کاتدا بەپآی داواکاری بڵاوکراوەکانیش نانوسم، لەهەمان کاتدا دڵنیام کە ئەم مانە هاوچەرخە زمانی ئەدەبی داهاتووە.
*کاتێک باسی کەرەستەی داهاتوت کرد، ئەوەی هێنامەوە یاد کە تۆ پەیوەندیەکی قوڵت لەگەڵ ئەنترنێتدا هەیە؟
بەڵێ، وشەی قوڵ زۆر لاوازە بۆتەعبیرکردنی پەیوەندی من لەگەڵ ئەنتەرنێتدا، بەڵکو من خویەکی تەواوم پێوە گرتووە، چونکە کۆمەڵگاو وڵاتانی جیهان زۆر لەیەکتر نزیک دەکاتەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی خەڵک باسی دەکات، لەبیرم دێت لەڕابردوودا لە شوێنێکی فراواندا ئاپارتمان نیشتەج ێ بووم کە چل خێزانی لەخۆ دەگرت، بەڵام پەیوەندی من لەگەڵ دراوسێکانمدا جگە لەبەیانیت باشێک هیچی تر نەبوو ئەویش کاتێک ئەسانسۆرەکە کۆی دەکردینەوە، بەلاَم لەگەڵ ئەنترنێتدا بەنوسین ئەزمونەکانت لەگەڵ کەسانێک کە هاوشێوەی تۆن بەش دەکەیت، ئەوانیش ئەو هەستەت پێدەبەخشن کە تۆ تەنها نیت، ئەنتەر نێت بکوژی تەنهاییە نەک پەروەردەکەری، ئەمەش ناتوانیت ئەم تاوانە بخەینە ئەستۆی تەکنەلۆجیا. بەڵکو خودی مرۆڤ چاک و خراپی لایەنەکان هەڵدەبژێرێت.
*زۆربەی چیرۆکەکانت باسی جەنگی نێوان چاک و خراپ دەکەن، وانیە؟ ئایا چاک و خراپ دوو ڕوی پارەیەک نین. ئایا هەمووومان بۆڵەی دکتۆر جیکل و مستەر هایدمان نەدەکرد؟
وابزانم ئەوەی مرۆڤ ویستی ئەنجامی داوە، لەو باوەڕەشدام ئەو توانایەشمان تیا بەدی دەکرێت کە چ کاتێک هەڵە بکەین و چ کات ئامانجی خۆمان بپێکین، چ کاتێک برینداری بکەین و چ کاتێک یارمەتی بدەین، بێ ئەوە پەنا بەرینە یاسا کۆمەڵایەتیەکان، ئەو خەسڵەتەش کەیارمەتیمان دەدات لە دەستنشان کردنی چاکەو خراپە لەناخماندا جێگیرە. بێگومان ئێمە دوو کەسین، هەموو شتێکیش لە ژیانی هاوسەریەتیدا، بەخۆشەویستیشەوە هەڵگری تاریکی و ڕوناکیە، نوسینیش تێکەڵەیەکە لە پایەداری و دڵەڕاوکێ، بەلام تەنها ئەوە بەشە وزە ئیجابیەکان بەکار بهێنین کە هەڵگرین، بەلاَم مرۆڤ لەناوەڕۆکدا چاکە، لەە ەمان کاتدا شەیتانیش لەناخیدا چەقیوەو دەبێت جارێک سەر ئاو بکەوێت..
*ئەی دەربارەی شەیتانەکەی تۆ چی؟ هەر مرۆڤێک شێوەیەکە، بەلاَم شێوەکەی تۆ چ شێوەیەکی لەخۆ گرتووە؟
-وابزانم وەسواسی زیاتر هەڵم دەخەڵەتێنێ و ئالەم شێوە ڕستانە خۆی نیشان دەدات تۆ سەرکەوتنت بەدەست هێنا پاولو، بۆچی پشویەک نادەیت بۆ ئەوەی بحەوێیتەوە؟ ئەوە ئەو لەخۆباییە کە بەهەمو هێزێکم بەرەنگاری

دەکەم، بەلاَم ئەوەی لە شێوەکەماوەتەوە لێی دەکەمەوەو بێ هیچ دوو دڵیەک قوتی دەدەم! (پ ێکەنی)من ئەزمونەکانی خۆم پەسەند دەکەم و تێکەوتنیشی پەسەند دەکەم، لەلایەکی ترەوە خەڵکی حەز دەکەن چەند شەیتانێک دروست بکەن بۆ ئەوەی فەرمانر ِەواییان بکات، تەنها ئەوە بەسە بی َ بەشی بکەی لەدەسەلا َت بۆ ئەوەی لەناو بچێت، بەواتایەکی تر باوەڕ بەچۆنایەتی شەیتان نەکەین، ئایا دەبێت ژیان بەو ئاسانیە بگرینە بەر؟ کاتێک لەبارەیەوە دەدوێین وەک بلَی َی هاوکێشەیەکی بێ خەوشە: کەسێ هەیە بۆ سەرکەوتن کەسێکیش هەیە بۆ شکست، کەسێک هەیە دلَخۆش کەسێکیش هەیە دلَتەنگ.

بلَێین باوەڕێکی تەواوم هەیە بەوەیکە ئەم دوو حالَەتە جێ گۆڕکێیان بەسەردا دێت بێ ئەوەی مرۆڤ خەونەکانی بێنێتە دی: یەکەم ئەویکە وابزانین بەدی هێنانی مەحالَە، دووەمیش ئەوەیە تەسلیمی ترسەکانمان بین، بەلا َم ئازایەتی و لێبر ِان تاکە ر ِێیە کە مرۆڤ نابێت دەستبەرداری بێت، چونکە ترس دەبێتە ر ِێگرێک لەبەردەم گۆڕانکاریەکانماندا بۆ ئەوەی نەگەینە ئەفسانەی کەسیەتی خۆمان.

*پاولۆ کۆیلۆ لەچی دەترسێت؟

وتار بێژی لەبەرامبەر کۆمەلَێک خەلَکی زۆردا بۆ نموونە، لەو باوەر ِەدا نیم ر ِابێم لەسەر ئەم حالَەتە، چونکە بەشێکە لە ر ِۆتینەکانی ژیانم، هەرچەند سیمینار دەگرم و لەسەر تاسەری جیهاندا چاوپێکەوتن دەکەم، بەلاَم سەرەڕای ئەوەش هەر لی َی دەترسم.. ئایا دەزانی، ئازایەتی واتای ئەوە ناگەیەنێت کە جێگا ی ترس لەبونتا خالَیە، بەلَکو دەبێت ببیتە ر ِێگرێک لەبەردەمیدا بۆ ئەوەی ئیفلیجت نەکات. هەمووومان دەترسین: ئەمە کاردانەوەیەکیغەریزیە، بەلاَم ئازایەتی ئەو ماوەیەمان پێ دەدات بەرەو پێش هەنگاو بنێین سەرەڕ ِا ئەو ترسەی لەناخماندایە.

*ئەی مردن چی ئایا لە مردن دەترسی؟

مردن؟ مردن وەک کچێکی جوان لەتەنیشتمەوە دانیشتبێت وایە، چاوبازیم لەگەلَدا دەکات، هەندێ کاتیش دەیەوێت ماچم بکات، بەلا َم من لەوەلاَمدا پآی دەلَێم: نەخێر، ئێستا نە، کەمێک دان بەخۆتدا بگرە، لەدوایدا ماچت دەکەم..

*کچێکی جوانە؟ ئایا تا ئەو ڕادەیە سەرنج ڕاکێشە؟

نەخێر، مەبەستم ئەوە نیە تا ئەو ر ِادەیە فریو دەرە، بەلَکو دەمویست بلَێم دوژمن نیە، و ئێمە بۆ هەتا هەتا دوو هاوڕآی دلَسۆزی یەکترین، ئەو بونەوەرێکە وەک سێبەرەکەم هاور ِێمە، چاوەکانم دەکاتەوە، و دلَم دەخاتە لێدان و پێم دەلَێت: ( گوێبگرە هاور ِێم، دەبێت چاوەر ِێ سبەی نەکەیت، تەماشاکە، بەرجەستەکە، تامکەو بەهەمو توانایکتەوە بژی، چونکە ئەوەی ئەمرۆ لەبەر دەستت دایە لەوانەیە ڕۆژێک بێت من ببمە خاوەنی لەبەر ئەوەش دەتوانم ئەوەت بۆ دووپات بکەم کە من لەمەرگ ناترسم.

*تاچ ڕادەیەک لە دەرونتدا ئاشتی بەرقەرارە! ئایا تۆ بەڕاستی ئەوەندە لەگەلْ خۆتدا ئاشتی خوازی؟

–ئایا ئەوەندە هێمن دێمە بەرچاوت؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە وا دێمە بەرچاوت کە تازە لە وەرزش کردن هاتومەتەوە، مەبەستم وەرزشی تیر هاوێشتنە، ئەم وەرزشە زۆر پآی دەحەوێمەو دیقەتم پێ دەبەخشێت، لە ڕاستی دا من لە ر ِەگەزی هێمنەکان نیم، بەلَکو من پیاوێکی زۆر سەرکێش و دوو دلَم، ئەوەی مەبەستمە

لەکۆتلیی ناترسم، چونکە ئازادانە ژیاوم و ئەزموونی خراپ و چاکم لە هەمو قۆناغەکانی ژیاندا وەرگرتووە. و ژیانی هاوسەریم لەگەڵ ژنێکدا بەستووە کە خۆشم دەوێت، و ئەو بەرهەمانەی نووسیونم شانازیان پێوە دەکەم، چونکە یارمەتی ملیۆنەها کەسی داوە لە پەی بردن بەو خاڵەی کە دەتوانن حوکمر ِانی خۆیان بکەن ئەگەر بیانەوێت ئەو کارە بکەن. هەروەها دەمەوێت کاسۆلیکیەکی دەست پاک بم: بەڵام بەهەڵە لێم تێ نەگەی. من نوسەرێکی کاسۆلیکی نیم.

نهێنیەکی خواییەو سنوری سروشتی مرۆڤایەتی دەبەزێنێ، ئێستا نمونەیەکت پێ دەڵێم کە شایەت حاڵی ئەم وتەی من بێت: من بەلایەنی کەم دوو هەفتە جارێک سەردانی کەسە پیرۆزەکان دەکەم. پیرۆزی ئەوەیە لە نهێنیدا هاوبەشی بکرێن سەرەر ِای ئەو بارو دۆخە سنورداره، کاتێک دەر ِوانم بۆ ئەو کاهنەی کە بەبۆنەی ئەم بارو دۆخەوە ئاهەنگ دەگێر ِێت لەخۆم ناپرسم، (ئایا ئەم کاهنە کەسێکی نموونەییە؟ ئایا بێبەشە لەهەموو هەڵەیەک؟ ئایا کەسێکی چاکە یان خراپ؟) ئەم جۆرە پرسیارانە بەلامەوە گرنگ نیەو بەمنیشەوە پەیوەست نیە، چونکە بارو دۆخی کەسە پیرۆزەکان لەسروشتی مرۆڤایەتی بەدە.

* ئایا لە لای کاهیندا دان بەهەڵەکانی خۆتدا دەنێیت؟

-بەڵێ، دان بەوەدا دەنێم.

*لەوانەیە ئەم کۆبونەوەتان زۆر درێژە بکێشێت؟

-ماوەیەکی زۆر پێدەکەنێ، بەڵێ وایە! بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لەهەموو بوارێکدا لایەنگری کلێسای کاسۆلیکەکان بم، و هەندێک هەڵوێستیان هەیە وەک خۆم لایەنگیری نیم، سەرەر ِای ئەوەی بە ئازادیەکی تەواوەوە بریام داوە کاسۆلیکی بم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کاسۆلیک لە ئیسلام و بودایی یانە دیانەتەکان ی تر باشترە بێت، تەنها مەبەستم ئەوەیە بگەرێمەوە بۆ رەگ و ریشەی خۆم و ئەوەی لەسەرم پێویستە ر ِێز گرتنە لەداب نەریتی ئەم رەگ و ریشەیە.

دەبێت مرۆڤ جیا بکرێتەوە لەو ترسەی کە نوێنەرایەتی دەکات، بگرە ئەو کاهنەش کەسێکی خراپ بێت، چونکە کاتێ دان نان بە تاوانەکاندا مرۆڤ سنوری خودی خۆی دەبەزێنێت. دەبێت لیبَوردە بین لەبەرامبە نهێنیەکاندان دەبێت ملکەچی بارو دۆخەکانی بین و بێ چاو پۆشی بێ هیچ مەرجێک خۆشەویستی بکەین. بەهەر حاڵ، تەنها دین دەست بەسەر ئەم ر ِۆژگارەماندا ناگرێت، بەڵکو هەموو شتێک ر ِوو بەرووی ئەم حاڵەتە دەبێتەوە، بینیت چی بەسەر وڵاتە یەکگرتووەکاندا هات: یانزەی ئەیلولیان کردە هەلێک بۆ ئەوەی جەنگ لە عێراقدا بەر پا بکەن. بەراستی مایەی شەرمە. کارەساتەکانیان کردە هەلێک بۆ ئەوەی خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان پێ بکەن.

(ئاپنار) هەمان هەوڵی دا لە ئیسپانیادا، بەڵام لە مەدریدا کارەساتی لێکەوتەوە. هەوڵیدا بەدرۆ کردن دوژمن بەبەرهەم بهێنی، بەلاَم سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، زۆر جار مرۆڤ وا هەست دەکات دەتوانێت یاری بە بیرو باوەری خەڵکی تر بکاتو بەو لایەدا ئار ِاستەی بکات کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدایە، بەڵێ ئەمە یەکێکە لە خۆ ویستی مرۆڤ و ئەو مایکیا ڤیلیە ترسنۆکانەی کە خۆیان بەشەرەنگێزی پوچەڵ دەکەن لەترسی ئەوەی

کەسێکی باشیان لیَ دەربچێت و خۆیان تەسلیمی تەماع دەکەن لە ترسی ئەوەی نەوەک قەناعەت بەبەشی خۆیان بکەن و بەدوای پارەدا دەکەن لەترسی ئەوەی نەوەک کەسێکی کەمدەستیان لێ دەربچێت

*وتارێکی سەیر لە (مۆڵتی ملیونێرکی) وەک تو دەربچێت...

بەڵێ من ملیونێرم، پارەیەکی زۆر کۆ دەکەمەوە لەدوای هەر کتێب فرۆشتنێکمداو ئەتوانم بڵێم ئەوەندەم پارە هەیە کە بەشی چەند (دۆنێکم) بکات مەبەستم ئەوەیە بەشی سێ جار لە دایک ببمەوە و پیربم و بمرم. من کەسێکی جادو گەرم وەک خۆت دەزانی! مەبەستیشم ئەوە نیە پارە خراپە، بەڵکو شێوازی بەکار هێنانەکەی لەوانەیە هەندێ کات خراپ بێت.

* ئەو هەموو پارە زۆرەی کە تۆ خاوەنیتی سەرەتا لەسەر کەوتنی کیمیا گەرەوە دەستی پێکردووە کە وەرگێردرا بۆز یاتر لەشەست زمانی زیندوی جیهانی و لە (155)وڵاَتدا چاپکراوە، هەروها سودی لێ وەرگیرا بۆ نمایش کردنی شانۆو ئۆپێراو مۆسیقاو واش دەر دەکەوێت لەم ماوەیەدا ملیۆنەها دۆلارت بێتە دەست بەهۆی دەرکردنی فیلمی کیمیا گەر؟

-ئەوەم بەبیر مەهێنەرەوە، چ هەڵەیەکی مەزنم کرد (لەم ساتەدا پاولۆ ئاگاداری ئەوە دەبێت کە دنیا خەریکە تاریک دەبێت و خەریکە تەنگ بەژورەکەش هەڵدەچنێت. لەبەر ئەوە لێم دەپرسێت ئایا پێویستم بەوە یە ژورەکە بەکارەبا روناک بکاتەوە، منیش وتم، نەخێر، با هەروا بێت، چونکە سیحر پێویستی بەتاریکیە) هیوادارم ئەم فیلمە بەبەرهەم نەیەت، زۆر پەشیمانم لە فرۆشتنی مافی ئەم کتێبە، لەسەرەتای هەنگاو نانم بۆ ناوبانگی جیهانی، لەدوایشدا پەیم بەوە برد کە ئەم پێشکەوتنە سروشتی نیە، بێگومانیش بەبۆچونی (لۆرس فیشبۆرن) سیناریست و دەرهێنەرێکی زۆر سەرکەوتووە، بەلاَم کۆمپانیای (وار نەر) ئەوەی خاوەنی مافی ئەم کتێبەیە، سەرقاڵی گۆرینی سیناریۆکەی فیشبۆرنت، لەدوای کیمیا گەر، چیتر هیچ کتێبێکم نافرۆشم بەبەرهەم هێنەرە سینەماییەکان، بەڵکو ماوە دەدەم بەخوێنەرەکانم خۆیان سیناریۆکە ی بنوسن و خۆشیان ئەکتەرەکانی بۆ هەڵبژێرن نامەوێت تەنها رۆمان بنوسم، مەودای سەر بەخۆیی و خەیاڵ بەشێکی جیانەکراوەن لەو بنەمایانەی من پەیرەویان دەکەم، سەرە رای ئەوەش هەر یەک لە نوسینەکانم هەڵگری ناوەرۆکێکی تایبەت بە خۆیانن.

*بەڵکو دەبینم لە نوسینەکانتدا یەک ناوەرۆک دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر ورد بینەوە لە داستانی (پەرەسپیەکە) ئایا ئەم بارو دۆخە شاراوە یە چیە و چۆن لەدایک بوو؟

ئاە، تۆ لێکۆڵەرەوەیەکی زۆر لێهاتوی! ئەم داستانە لە ساڵی (1987) وە دەستی پێ کرد، کاتێک بریارم دا (حەجەکەی کەمپۆستیلا)بنوسم، لەو رۆژەدا زۆر دوو دڵ و ترسابووم، سەرەرای ئەوەی کە ئەم نوسینە خەونی ئەوەڵ و ئاخرم بوو، دوای ئەوە ئەمەم لەخۆم پرسی ؟ ئایا بنوسم، یان نەنوسم؟ ئەمە ئەو دڵە ر اوکێ سروشتیە یە کە یەخەت دەگرێت کاتێک بزانیت هەنگاوێکی تازە دەنێیت و لەوانەیە ر ەوتی ژیانت لەریشەوە بگۆرێت. دواجار بەخۆمم وت: ئەگەر ئەمرۆ پەرێکی سپیم بینی ئەوا دەست دەدەمە نوسین، ئەو رۆژە بینیم و دەستم دایە نوسینی، دوای ئەوە کتێبەکە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا و خەونەکەم هاتە دی، لەو کاتە بەدواوە چیتر چاوەرێ ئەم پەرە سپیە دەکەم پێش ئەوەی دەست بدەمە نوسینی هەر شتێک، ئەمرۆش تا هەشت پەرەی سپیم دۆزیوەتەوە، لەوانەیە جاری وا هەیە هەفتە و مانگ چاوەرآی بینینی بکەم، بەلاَم دەست

نادەمە هیچ نوسینێک تا ئەو پەرەِ سپیەم نەبینم، هەندێک خەڵک بەفرِین تەعبیری دەکەن، بەلاَم من حەز دەکەم ناوی بنێم بارودۆخ.
* ئایا فرِین بوو یان بارو دۆخ؟ ئەمەش نیشتە جێ بونت لەناوەرِاستی لادێدا رِون دەکاتەوە: ئەگەر لەشارو دانیشتوانێکی زۆردا نیشتەجێ بوایەیت کەمتر رێت دەکەوت لەپەرە سپیەکان؟
– (کۆیلۆ پێدەکەنێ و دوای ئەوە داوام لێ دەکات تەسجیلەکە بۆ ماوەی چەند خولەکێک خامۆش بکەم، بۆ ئەوەی بمناسێنێ، بە خێزان و هاوپشتی (25) ساڵەی (کریستینا) کە تازە لەگەڵ دایکیدا گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ، کریستینا پێی وتم کە وێنە کێشە، لەم دواییانەدا هەندێک لە تابلۆکانی لە سنوری نمایشگایەکی گروهید لە لوبنان نمایش کراوە، ئەوەشی پێ رِاگەیاندم کە زۆر حەزدەکات سەردانی لوبنان بکات، بە نهێنی بیرم لێ کردەوەو، و لە دڵی خۆمدا وتم: زۆر باشە: ئێستا زانیم چۆن ناچاری بکەم سەردانی وڵاتەکەم بکات، چونکە هاو پەیمانێکم دۆزیوەتەوە کە دەتوانێت زۆر بەئاسانی بیهێنێتە ئەو رایەی کە بەم زوانە سەردانی بەیروت بکات!
هاوسەر گاڵتە لەگەڵ خێزانەکەی دەکات و ماچێکی دەکات و دەرِواتە موبەقەکەوە، هەروەها دەست دەکات بەیاری کردن لەگەڵ خەسوشیدا دوای ئەوە ماچێکی دەکات دوای ئەوە بۆیە دەردەکەوێت کە کریستینا چەنێکی داوە بەو جێمۆمانەی کە هێناونی لەگەڵ خۆیدا، و دوای ئەوە دەست دەکات بە دابەش کردن بەسەر مێزەکاندا، دوای ئەوە چاوێکی لێ داگرتم وتی: بینیت؟ بگرە ئەگەر ملیار دێریش بم، ئەوە ناگەیەنێت کە من نرخ بۆشتەکان دانانێم-ئەمە گاڵتە جارِیەکی تازە بوو ئەو هەرگیز دەست لەم گاڵتە جارِیانە هەڵناگرێت، چەند جارێک پێدەکەنێ، دوای ئەوە، بەردەوامی دەدەینەوە بە گفتوگۆکانمان بێ ئەوەی بڵێت چ پرسیارێکت کرد یان من بەخۆم بڵێم چ پرسیارێکم کرد، داهێنەری کیمیاگەر ناهێڵێت تاڵی بیرکردنەوەکانی لێ ون ببێت).
ئێستا پێت دەڵێم بۆچی لەلادێدا نیشتەجێ بووم، لەچەند ساڵێکی رِابردوودا، پەیم بە قۆناغێکی ژیانم برد و لەخۆم پرسی: (تۆ بڵێی پێویستت بەچی بێت؟ وەڵامەکەشی ئەمە بوو: (پێویستم بەدەزگایەکی کۆمپیوتەری کارابوو، لەگەڵ چەند کراس و پانتۆڵێکی باشدا، هەورەها سەر بەخۆییەکی تەواو بۆ ئەوەی بتوانم لێخشانێکی تەواو لەگەڵ ژیاندا دروست بکەم.
*ئەی دەربارەی خەڵکی چی؟
بەڵێ خەڵکیش بەهەمان شێوە، بێگومان پێویستیشم بەخەڵکییە، لەڕاستیدا ژیانی ئەمرۆم لەنێوان لایغرۆتارە، و ئوداجیوتۆرا قەتیس ماوە، ئێستا لەزانستی لایغرۆ گەڕاومەتەوە، ئەگەر هەفتەی ڕابردوو لەوڵاتی باسک بومایە، ئەوا هەفتەی داهاتوو نغرۆی لایغرۆ دەبووم هەرچەند لەمۆناکۆش دا کۆنفراسم هەیە، بەلاَم لەم ساتەدا، ولێرەدا، لە قۆناغی ئۆداجێودا دەژیم، و پاشەکشەم لەو فەزا گۆشەگیرییەی ماڵ کردووە، ئایا دەتوانم بەرگەی بەردەوامی یەکێک لەم دوو ئیقاعە بگرم بێ ئەوەی ئەوی تریان وڵامی بداتەوە؟ نەخێر.
*ئایا جگە لەبارو دۆخی پەرەِ سپیەکە، هیچ بارودۆخێکی تر شک دەبەیت بۆ نوسین؟ یان ئایا سیستەمێکی دیاری کراوت هەیە بۆ نوسین؟
نەخێر، من بە قیست نانوسم، بەڵکو دەست دەکەم بەنوسینی کتێبەکەو بەیەکجار تەواوی دەکەم، ناوەستم تا ئەو کاتەی کۆتایەکەی دەنوسم، ئەنجامدانی نوسینی کتێبێک پێویستی بەمانگ و دووهەفتە یەکی بەردەوام هەیە

تا بنوسرێت، ئەمە شێوازی نوسینی من لە سەردەمی هەرزەکاریمەوە، هیچ ر ۆژێک حەزم لە سیستەم و خۆگونجاندن نەکردووە، تا ئەو کاتەی سەرکێش بووم.

*باسی ڕابردو دەکەیت. ئایا هیچ لەو سەر کێشیانەت لە ئێستادا ماوە؟

بەڵکو هەمووی ماوە! گر ی سەرکێشی بەلامەوە زۆر گرنگە ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤ لە پێناو شتە پر و پوچەکاندا بجەنگێت، بەڵکو گرنگترین شت ئەوەیە بەردەوامی بەیت بەتێکۆشانەکانت لە پێناو ئەوشتەی باوەڕت پێیەتی.

من خەبیری سەرکێشیم، یا سەرکێشێکی ئەزموون دیدەم، باوەر م بەشۆڕش و گۆڕانە، و باوەڕیشم وایە بی سەرکێشی هیچ گۆڕانکاریەک لەجیهاندا ڕوو نادات، و لەبەر ئەوەی وا بووم، و ئێستاش پیاوی زیادە ر ەوی و شەڕەنگێزی مەرزە سەختەکانم، و لەتوانامدا هەیە کە کەسە زۆر ساردەکان لەژیان تێگەیەنم.

شەڕنگێزی هەندآ جار تووشی کێشەمان دەکات، ئایا زیادەر ەوی و شەر ەنگێزیت تۆی فر ێداوەتە چ گۆشەیەوەکەوە؟

-زۆر بریندرابووم، ئایا هیچ لەم بارەیەوە دەزانی؟

زۆر شانازی بەخۆمەوە دەکەم، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنآ کەئازایانە ژیام، لەوانەشە ئازایەتی تاکە تایبەت مەندی من بێت ئایا ئەم ئازایەتیەم لەخۆشەویستیەوە سەرچاوەی گرت یان لەکارەکەمەوە یان لەهەوڵدانە ڕۆحانیەکانمەوە.

هەروەها لەهیچ کردارێکم پەشیمان نیم، بەڵکو تاکە قۆناغێک کەمن لێی پەشیمان بم ئەو کاتانەبوو کەخوم گرتبوو بەمادە بێهۆشکەرەکانەوە، بەڕاستی مادەی بێهۆشکەر تەڵەیەکی زۆر ترسناکە.

*وابزام باس لەقۆناغە ئاگرینەکەت دەکەیت ئەو کاتانەی کەشیعرە گۆرانیت بۆ رائول سیشاسی گۆرانی بێژی رۆک دەنووسی؟

-بەڵآ، ئەوە ئەو قۆناغە بوو کەهەموو مادە بێهۆشکەرەکانم تێدا تاقی کردەوە، جگە لەهیرۆین، مادە بێهۆشکەرەکان زۆر خەتەرناکن، نەک لەبەرئەوەی خراپە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەستێکی باشمان پآ دەبەخشآ، لەوەش خراپتر توانای بریاردانمان دەکوژێت.

لەبەهەشتێکی ساختەدا زیندانیمان دەکات کەتێیدا نەتوانین هەڵبژێرین و بر یار بدەین، لەقۆناغێکدا بەتەواوی رووخام، بەڵام پەشیمان نیم لێی، چونکە هەموو شتێک لەم جیهانەدا روودەدات بۆ ئەوەی سوودت پآ ببەخشێت.

*ئەگەر تۆ بەر استی باوەڕت وایە ئاغای کۆیلۆ، کەواتە، سودی مناڵەکان لەبرساندا؟ سودی کاری زۆر و تەعەداکان؟ سودی توند رەویی و خەم و چەوساندنەوەمان بۆ باس بکە؟

- (دوای چەند ساتێک تێرامان، و بآ دەنگی) زۆرباشم، ئەگەر پێت بڵێم وەڵامی ئەم پرسیارەت دەزانم کەواتە درۆت لەگەڵدا دەکەم، بەڵام دەزانم کەهۆکارێک لەدوای ئەم رووداوانەوە هەیە.؟

چی بکەم تا بەرپەرچی ئەم کارە دزێوانە بدەمەوە؟ هەوڵ دەدەم رۆڵی خۆم لەر ێی رێخراوێکی خێرخواوە کەدامەزراندووە بۆ منداڵانی هەتیوو کەسە بەتەمەنەکانی بەر ازیلە، هیچ سودێکی نییە گەر بەدوای هۆکارەکاندا

بگەڕێین، بەڵکو چاکتر وایە هەریەکێکمان بەپێی توانا ڕۆڵی خۆی ببینێت لەنێوەندی ئەم گەرەلاوژە

ئابرووبەرەدا، ئەوەی ببەخشێت، دەبێت خۆشەویستی بکات، ئەوەی هاوبەشی بکات، دەبێت بنووسێت..

*پێویستە بنووسێت؟ لەم سەردەمەدا ملیۆنەها کتێب چاپ دەکرێت بآ ئەوەی رەور ،ەوەی جیهان بەئەندازەی مێرووڵەیەک بباتە پێشەوە، ئایا بەبۆچوونی تۆ ئەدەب ئەکرآ ببێتە کارایەکی گۆر ،ەری ئیجابی لەنێوەندی ئەو گەرە لاوژێیەی کەخۆت باست کرد؟

-کارایەکی گۆڕەر؟ نەخێر، بەڵام لەو باوەر ،ەدام ئە دەب دەروازەیەک بێت، لەهەمان کاتدا ئەو ڕووداوانەی لەداستانەکاندا دەیخوێنینەوە لەوەو پێش پێیان ئاشنا بووین، بەڵام کاتێک دەیانخوێنینەوە رادەمێنین لەنووسەر و ئەو کاراکتەرانەی کە ئەم کتێبە بۆت دەگوازێتەوە، ئەمەش چەند کارداوەیەکمان لا دروست دەکات. و ئەو هەستەمان پێ دەبەخشێت کە ئێمە تەنها نین، هەر لەبەر ئەم هۆیەش شیعری شاعیرێکی چینی کاریگەری دەکاتە سەر خوێنەرێکی ئێرانی. و رۆمانی نووسەرێکی بەر ،ازیلی رۆحی خوێنەرێکی لوبنانی بەرجەستە بکات..وانیە؟

*دەقاو دەق وایە، بائێستا قسە لەسەر بەڕازیل بکەین، تۆ زۆر جیاوازتری لە نووسەرە ئەمریکا لاتینیەکانی تر، کەنووسینەکانیان لەچوارچێوەی وڵاتەکانیان ناچێتە دەرەوە، بۆ نموونە کۆلۆمبیا لەنووسینەکانی مارکیز دەخوێنینەوە، پیرۆش لەیۆسا، و بەر ،ازیلیش لەئامادەۆ، و هەروەها..لەهەمان کاتدا هیچ یەک لەر ،ووداوی داستانەکانی تۆ لەبەڕازیلدا روونادەن، بۆچی؟

یەکەم لەبەرئەوەی من کەسێکی ریشەییم لەوڵاتەکەی خۆمدا، و چاک دەیناسم، تا ئەو رادەیە دەیناسم کە چاوە پاکیزەکانم هێشتا ئەو توانایەیان تیا بەدی ناکرێت تا بەشێوەیەکی باش بتوانم باسی بکەم و بینووسم هەروەها بڵێی هەڵگری ئەندێشەیەکی پاک و تەواو بم لەبارەیانەوە، بەڵام ئامادۆ (بەر ،ازیلەکەمانی) بەشێوەیەکی زۆر جوان نووسی کە زمان لەوەسف کردنیدا لالڕ دەبێت، کاتێک ر ۆکانێک دەنووسم کە رووداوەکانی لەبەلقان یا ئیسپانیا یان رۆژهەڵاتی ناوەر ،است روو دەدەن، بەڵام سەرەر ،ای ئەوەش من وەک بەر ،ازیلیەک دەنووسم، زۆر کەسیش دەستە پاچەن لەم جۆرە نوسینەدا، چونکە رووکاری دەرەوەی ئەم جیهانە بە بەردەوامی دەبینن، تۆ دەزانیت کە لەوڵاتەکەمدا لەنێوان شتە پیرۆز و دنیاییەکان.

زانراو و نەزانراو سیحر و راستی بۆ شاییەک نیە..

*لێرەوە دواهەمین پرسیارم سەرچاوە دەگرێت، ئایا تۆ ساحیری هەروەک چۆن زۆربەی خەڵک واباست دەکەن، یان لێهاتووی لەبارەی ئەوەی کە خەڵک دەیانەوێت چی ببیستن؟

کآ دەزانی؟ بەڵام وشەی (دواهەمین) بەکار مەهێنە، زۆر رقم لێیەتی، چونکە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە من نووسەرم، ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ ئەوەی دووبارە چاو پێکەوتن لەگەلڕ یەکتردا بکەین.

*بەڵی تۆ راست دەکەیت، بیرشم لەوەکردەوە کاتێک وتم؛ بەڵام تۆ لەر ،ۆحی من تێدەگەیت، بەهەرحاڵ، پرسیارێکی ترت لی َ دەکەم بۆ ئەوەی کاریگەری ئەو وشەیە پوچەلڕ بکەینەوە، چ رستەیەک زۆرجار لەخوێنەرەکانت دەبیستی کاتێک دەیان بینیت؟ (بآ دوو دڵی تۆ لەروحی من دەگەریت).

-دوای ئەوە ئەوجا دووگەر هەستایە سەرپآ پێی وتم؛ (ئێستاش، هەستە سەر پێ بر ِۆینە دەرەوەی بۆ ئەوەی چەند تیرێک بهاوێژین، تۆ لەبورجی (کەوانی) وەک خێزان و خەسوم، لەوانەشە هەڵگری غەریزەی راوکردنیش بێت لەکرۆمۆسۆمەکانتدا، دەمەوێت توانات تاقی بکەمەوە، بەم شێوەیە رۆشتینە باخچەکە و بر ِیارمان دامن یەکەم تیر بهاوژێژم، خۆم بەپی َ آ ئامۆژگاریەکانی خۆم ئامادەکرد بۆ هاویشتنی یەکەم تیر، قەرەوڵم گرت لەئامانجەکە و هاویشتم، بەڵام بورجەکەم یارمەتی دەرم نەبوو بۆ ئەوەی ئامانجەکەم بپێکم، سەرەڕای ئەوەش ئارەزووی پێکانم نەبوو، تیرەکەم چەند کیلۆ مەترێک دوورتر لەئامانجەکەی فر ِی و باوەڕیش ناکەم رۆژێک لەرۆژان کەس بتوانێت ئەم تیرە بدۆزێتەوە، بەڵام کاتێک نۆرەی تیرهاویشتنی ئەو هات..
ئایا دوای ئەم هەموو گفتوگۆیە پێویست دەکات بۆتان باس بکەم تا چ رادەیەک لێهاتووە لەتیر هاوێشتن و ئامانج پێکاندا.